نێچیرڤان بارزانی فەرمانی دامەزراندنی سێ دادوەر بۆ دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان واژۆ دەکات

لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، دێشاد شێهاب وتەبێژی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: پاڵپشت بە بڕگەی شازدەهەم لە مادەی دەیەمی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە یەکی ساڵی 2005ی هەموارکراو، ئەمڕۆ سێشەممە 2023/11/14 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، فەرمانی هەرێمی بۆ دامەزراندنی سێ دادوەر بۆ دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان واژۆ کردووە کە بریتین لە هەر یەك لە:

ـ دادوەر جاسم جەزا جافر، سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی.
ـ دادوەر جاسم محەمەد مستەفا، جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆك.
ـ دادوەر تاهر عەلی حەسەن، دادوەری دادگای تێهەڵچوونەوەی سلێمانی.

وتەبێژی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان هەروەها گوتی: سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لە چوارچێوەی بایەخدان بە دامەزراوەی دادوەریدا و بۆ پێکردنەوەی پێداویستییەکانی دەسەڵاتی دادوەری، لەبەر ڕۆشناییی داواکاریی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، دامەزراندنی

دادوەرانی واژە کردووە و لەمەوە فەرمانی هەرەمییان دەکەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و دوای سوێندخواردن ئیتر وەك ئەندامی دادگای پێداچوونەوەی هەرەمی کوردستان دەستبەکار دەبن.